# ٣٣ ڕێگە
# بۆ وتنەوەی وانەکەت بە سەرکەوتوویی

## تایبەتمەندیەکانی مامۆستای سەرکەوتوو

د. راشد بن حسين العبدالكريم

لە عەرەبییەوە: سەریاس سەمین



Scanned by CamScanner

د. راشد بن حسين العبدالكريم
رئيس الجمعية السعودية للعلوم التربوية والنفسية

# سی و سێ ڕێگە بۆ وتنەوەی وانەکەت بە سەرکەوتوویی

## تایبەتمەندیەکانی مامۆستای سەرکەوتوو

### بەڵگەیەکی کرداری بۆ مامۆستایان

لە عەرەبییەوە: سەرباس سەمین
2015

Scanned by CamScanner

# ناسنامەی کتێب


- ناوی کتێب : سی و سێ ڕێگە بۆ وتنەوەی وانەکەت بە سەرکەوتوویی
- بابەت : پەروەردەیی
- نووسەر : د. راشد بن حسين العبدالكريم
- لە عەرەبییەوە :سەرباس سەعید
- دیزاین : لاوان ئەحمەد
- تیراژ :٥٠٠ دانە
- چاپخانە :چوارچرا
- چاپی یەکەم ٢٠١٥
- نرخ: 1000 دینار

ئەم نووسینە کە پێکهاتەیەکی جۆراوجۆری ڕێگەکانی وانەوتنەوەیە ئاراستەی مامۆستایان کراوە، وەلی دەمەوێت ئەم نووسینە بۆ مامۆستایان ڕێبەرو ڕێنیشاندەر بێت.

١. ئاسانکاری: ئاسانکاری لە زمان و پێشکەشکردنی بابەتەکە، کە تیۆری زانستی و دەستەواژەی پسپۆڕیتی ئاڵۆزی تێدا نەبێت، دەمەوێت خوێنەر لەگەڵ بڕگەکانی نامیلکەکەدا بگونجێت، وەک ئەوەی لە نێوان خوێندکارەکانیدابێت.

٢. کردارەکی: نووسینەکە کردارەکیە، لە شێوەی چەند بڕگەیەکی ڕەوان داڕێژراوەو، نموونەی بە شێوازی فێرکاری، بە تۆنی ڕاناوی کەسی دووەم بەکارهاتووە، بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بکات نووسینەکە مەبەستی خودی خوێنەرە.

٣. کورتی: درێژدادڕی لە نووسینەکەدا نەکراوەو نووسینەکەم لەسەرتان قورس نەکردووە، لەلایەکەوە لەبەر کورتی بابەتەکە، لەلایەکی ترەوە بڕوام وایە ئەوەی ئەم نووسینە دەخوێنێتەوە، دەتوانێت کتێبێکی گەورەتر لەمە بخوێنێتەوە، مەبەستم لەم نامیلکەیە ڕێنمایی و دیاریکردنی ڕێسا گرنگەکانە لە هەموو دەروازەکانەوە.



Scanned by CamScanner

# تایبەتمەندیەکانی مامۆستای کاریگەر

**لێهاتوویی زانستی:**

لە ئەرکە بنەڕەتیەکانی مامۆستا ئەوەیە کە زانیاری و خاراوی «خبرە» لە بابەتەکەی خۆیدا پێشکەش بە خوێندکاران بکات و، بەڵگە ئەویستە کە دەبێت مامۆستا پڕ زانیاری بێت و بە ڕاست و ڕەوانی بیگەیەنێت، ئەوەش بەڵگە ئەویستە گەر کەسێک شتێکی نەبێت ناتوانێت بیبەخشێت، مامۆستا ناتوانێت زانیاری بە خوێندکار بدات، گەر بەشێوەیەکی ئاسان وەرینەگرن (استعاب).

**لێهاتوویی پەروەردەیی:**

بەتەنها دەستگرتن بە بەهای بابەتی زانستی و گرنگیەکەی بەس نیە، بەڵکو مەعریفە و ڕێگەیەکی پەروەردەیی گونجاوی دەوێت بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ خوێندکار، چونکە ئەو دەزگایەک نیە بتەوێت بەرنامەیەکی لەسەر دابنێیت! بەڵکو ئەو مرۆڤەو گیان و هزرو لەش و هەڵچوونی هەیە، لە ساتێکدا بە چەندین باری دەروونی و هەڵچوونی جۆراوجۆردا تێپەڕدەبێت، مامۆستاش لەگەڵ هەموو ئەم بارو لایەنە جیاوازانەدا ڕەفتاردەکات، هەربۆیە پێویستە پڕ زانیاری بێت بە ڕێگە پەروەردەیی و شێوازەکانی ڕەفتارکردن.

## لێهاتوویی گەیاندن

لەگـــەڵ هەبوونی زانیـــاری تەواو لـــە بابەتەکەو شـــێوازی پەروەردەیی دروست بۆ ڕەفتارکردن، پێویستە زانیاری هەبێت لە ڕێگەو هۆکارەکانی گەیاندن، بۆ ئەوەی بتوانێت ئاراستەیان بکات و بیرۆکەو کارامەیی بە خوێندکاران بگەیەنێت.

## ئارەزووی فێرکردن:

ســـەرەکیترین هۆکاری سەرکەوتووی مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی فێرکردن و وانەوتنەوە، گەر مامۆستا خۆشەویستی بۆ فێرکردن و پەرۆشی بۆ پیشەکەی نەبێت، ئەوا سەرکەوتوو نابێت، خاڵێکی دیکە بۆ ئەوەی مرۆڤ هەســـت بە ئاسودەیی دەروونـــی و گەورەیی بەهای خۆی بکات، پێویســـتە ئەوەی دەیزانێت لە زانیاری سوودبەخش بیبەخشێت.



Scanned by CamScanner

# ئەو كارانەی یارمەتیدەرن بۆ خۆشویستنی پیشەكەت:

١. هەست بكە لە ئەنجامی وتنەوەی وانەكانت پاداشتێكی گەورە وەردەگریت.

٢. وێنای بكە لە داهاتوودا، ئەو خوێندكارانەی تۆ كۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن و، تۆ دەستت لە بونیادنانی داهاتووی كۆمەڵگەكەشدا هەیە.

٣. پێویستە بزانیت كە ئەو خوێندكارانە لەلایەن دەوڵەت لەلایەك و باوانیان لەلایەكی دیكەوە بە تۆ سپێردراون.

٤. دوای بەرەنگاربونەوە لە كارەكەتدا بهێڵەوەو، سەرجەمی ئەو كێشانەی ڕووبەڕووت دەبنەوە، پیشاندەری توانای ڕێبەریكردن و لێهاتوویی پەروەردەیی تۆیە، بزانە چۆن ڕەفتاریان لەگەڵ دەكەیت، سەركەوتنت وانە بەرەنگاربونەوەو، سەلماندنی ئەوەی كە خاوەنی توانا و كارامەییت وپێگەیەكی جوانمەردانەت هەیە.

٥. بیرت نەچێت زۆرینەی گەورەكان لە سایەی مامۆستاوە پێگەیشتوون.



Scanned by CamScanner

# سێ و سێ
# هەنگاو بۆ وانە وتنەوەیەکی سەرکەوتوو

**١. ڕێگەکانی وانە وتنەوە بزانە...**

هیچ پیشەیەک سەرکەوتوو نابێت گەر لەسەر بنەماو بنچینەیەکی تەندروست بنیاتنەنرابێت و، بۆ وانەوتنەوەش کە پرۆسەی فێرکردن و فێربوونە، پرانسیپی خۆی هەیە، لەوانە هەندێکی تایبەتە بە فێرکارو بەشێکی بە خوێندکارو بە بابەت و بەشێکیشی بە هۆکارەکانی فێرکردن و ئامرازەکانی، هەموو ئەمانەش لەچوارچێوەی دەروونزانی پەروەردەییدان.

پەنمونە دەستگرتن بە ڕێگەیەکی پەروەردەیی کە پرۆسەکەی پێ کامڵ دەبێت، وە ئەو شتانەش کە پرۆسەکە دەرەنجامی ئەرێنی و نەرێنی لەلایەکی دیکەوە دەبێت، زانینی ئەمانە هاوکارت دەبن بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەیەکی دروست و گونجاو بۆ خۆت و خوێندکارەکانت، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لە تیۆرەو بۆچوونەکاندا هەیە، ڕەچاوکردنی ئەمانەو خوێندنەوەیان بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانەو جێبەجێکردنی دروستەکانیان، هاوکار دەبێت لە تێپەڕاندنی تۆزینەی ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی تۆزینەی مامۆستایان دەبێتەوەو سوودمەندی بەکەم تێیدا مامۆستا دەبێت.

### ٢. ئامانجی وانەوتنەوەکەت بزانە...

ئامانجی گشتی/ ئامانجی تایبەتی/ ئامانجی ڕەفتاری

ئامانجی هەر کردەوەیەک بایەخێکی گەورەی هەیە، بەکورتی:

a. ئاراستەکردنی چالاکییەکان کە پەیوەستن بە بابەتەکەوە، ڕێگری لە پەرتی و لادان.

b. وەدەستهێنانی پاڵنەرو هۆکار بۆ دەسکەوتنەکان.

c. هەڵسەنگاندنی کارەکەو زانینی مەودای [illegible] ست و سەرکەوتنی.

ئەو ٣ خاڵەی سەرەوە ئاماژەن بۆ هەبوونی ئامانج، چونکە بەبێ هەبوونی ئامانجی پەروەردەیی، ئەستەمە بتوانرێت وانەیەکی سەرکەوتوو و پەیام بەخش بەخوێندکار بگەیەنرێت. ئامانجەکانی وانەوتنەوە دوو جۆرن و ئامانجی تایبەتی و ئامانجی گشتیان هەیەو، پەیوەندی لەنێوان ئامانجەکاندا هەیە، ئامانجی گشتی ماوەکەی زیاترەو پەیوەستە بە بابەتێکی خوێندنەوە کە وەرزەکانی خوێندن دەگرێتەوەو، ئامانجی تایبەتیش بۆ تەنها وانەیەکەو بابەتەکەی دیاریکراوە، پابەندبوونی مامۆستا بە ئامانجەکانی فێرکردن و پەروەردەوە، هاوکارە بۆ گەیشتن و هێنانەدی ئامانجەکانی کۆتایی خوێندنەوە، کە سیاسەتی فێرکردن دایڕشتووە.

ئامانجە ڕەفتارییەکان و ئەوەی بەشێک لە توێژەرانیش دەیخەنە بەر ڕەخنە، کاریگەرییەکی زۆری لە ئاسانکردن و خستنەسەر پێی پرۆسەی فێرکردن و بۆ خوێندکارو مامۆستا هەیە، لە ڕاستیدا شکستی زۆرینەی مامۆستایان لە وانەوتنەوە، وێڕای

Scanned by CamScanner

نەبوونی ئامادەسازی لەلایەن مامۆستاوە، نەبوونی پلان و بەرنامەڕێژیە بۆ ئامانجە پەروەردەییەکان، بۆیە مامۆستا لە چالاکیەکەوە بۆ چالاکیەکی دیکە دەچێت هەستدەکرێت پەیوەندی و ئامانجی هاوبەش لە نێوان بابەتەکەیدا بوونی نیە!

**٣. ئاستی زانستی خوێندکارەکانت بزانەو، بیروبۆچوون و تەمەنیان لەبەرچاو بگرە..**

کاتێک بۆ یەکەمجار دەچیتە پۆلێکەوە، ڕووبەڕووی کەشێکی نادیارو نەزانراو دەبیتەوە، وەلێ بە زۆری ئاستی تەمەن و سیفەتە دەروونی و سۆزیەکانیان لەیەکترەوە نزیکن، بە زانیاریەکانت وەکو مامۆستایەک سەبارەت بەو توێژە دەتوانیت بە دروستی مامەڵەیان لەگەڵ بکەیت، بە نمونە گەر خوێندکارەکانت لە قۆناغی هەرزەکاریدا «مراهق» بوون، ئەوا زۆرینەی ڕەفتارەکانیان شارەزا دەبیت و هەڵسوکەوتیان بۆ ئێوەی مامۆستا نا سروشتی نابێت. هەروەها زانینی ئاستی کۆمەڵایەتی و باکگراوندی رۆشنبیری و جۆری بیرکردنەوەیان بەرچاو ڕوونیت بۆ دەکات بۆ ئەوەی بتوانیت ئاراستەکانی بیرکردنەوەت بە ئاسانی بخەیتەڕوو، وە نمونەی گونجاو هەڵبژێریت.

**٤. وانەکەت باش ئامادە بکە**

ئامادەباشی بۆ وتنەوەی وانەکەت،ئەوەیە کە بەرنامەڕێژی بکرێت بۆئەوەی مامۆستا بە ئامانجەکانی بگەیەنێت و وانەیەکی سەرکەوتوو پێشکەش بکات.

# هەنگاوەکانی ئامادەسازی

**دیاریکردنی ئامانج**

ئامانجی وانەکەت بە وردی و بە ڕوونی دیاریبکە، بە شێوەیەکی دروست دایبڕێژە، دەبێت ئامانجەکە لە کتێبی مامۆستا یان لە پلانی بڕیاردراودا دیاریکرابێت و، بواری گومانی تێدا نیە.

**ئامادەسازی هۆش**

دوای دیاریکردنی ئامانجەکانی وانەکە بە وردی، هەنگاوی دووەم وێنەی پلانەکەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەو، پێش دەستپێکردنت بە نوسینی پێویستە بیرۆکەو پلانی بابەتەکەت لە هۆشی خۆتدا گەڵاڵەکردبێت.

**ئامادەکاری نوسین:**

دوای وێناکردنی تەواوی پلانەکە لە مێزی خۆتدا، هەستە بە تۆمارکردنی پلانەکەت بەپێی چەند قۆناغێکی ڕوون و دیاریکراوو، ڕەچاوکردنی کات بۆ هەموو قۆناغەکان و پەیوەستکردنی بە ئامانجەکانی وانەکەوەو، ئەمەش بەهایەکی پەروەردەیی گەورەی هەیە، ئەگەرچی زۆرێک لە مامۆستاو بەشێکی سەرپەرشتیارانیش بە کردەیەکی ڕۆتینی دەزانن و، پێیانوایە تازەگەری و داهێنانی تێدا نیە.

**پێداویستیەکانی بابەتەکەت ئامادە بکە:**

زۆرجار مامۆستا بۆ باسکردنی بابەتەکەی پێویستی بە ئامرازەکانی فێرکردن هەیەو، پێویستە مامۆستا بیر لە چۆنێتی بەکارهێنان و ڕادەی کارپێکردنیان بکاتەوەو خەم لەوە نەخوات کە بەهۆی ئەم هۆکارەوە کاتێکی زۆر لە وانەکە

دەچێت، گرنگ ئەوەیە کار بەو ئامرازانە بکرێت و بەو هۆیانە بەشێک لە پێویستی بابەتەکە بکات.

**پێشبینی بارگرانیەکانی فێرکردن بکە**

مامۆستای سەرکەوتوو ئەوەیە بتوانێت پێشبینی ڕەگەزە جیاوازەکانی بابەتەکەی بکات، لە ئامادەکردنی بابەتەکەو وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و ئامادەبوون بۆ هەموو پرسیارێک بەبێ ئەوەی لە بوونی پرسیار سەغڵەت ببێت، ئیدی لەبەر ئەزانی یان هەر هۆیەکی دیکە بێت.

**مەشق بکەو لەسەر وتنەوەی بابەتەکە خۆت ڕابهێنە:**

هەندێک بابەت و بەشێکی هەنگاوەکانی وانەوتنەوە کە بۆ یەکەم جار بەری دەکەوێت، پێویستی بە ڕاهێنانە، دڵگران مەبە بەوەی مەشق لەسەر بابەتێک بکەیت و، بۆ ئەوەی بتوانیت بە ئەرێنی پەیامەکەت بگەیەنیت، لە بەشێکی بابەتەکاندا پێویستت بە ڕاهێنان هەبەو، ئەم ڕاستیەش بە ئەقدی لە بابەتی ئینگلیزیدا دەردەکەوێت.

●●●

## ٦- ڕێگەیەکی گونجاوی وانەوتنەوە هەڵبژێرە:

چەندین ڕێگای وانەوتنەوە هەیــەو ناکە ڕێگەیەک لەمانە بۆ هەموو وانەیەک گونجــاو نیەو، چەند فاکتەرێک ڕۆڵیان هەیە لەوەی کامە باشـترین ڕێگەی وانەوتنەوەیە، تۆی مامۆســتا باشــترین و گونجاوترین ڕێگەیــان هەڵبژێــرە، بەپێی ئەم پێوەرانە:

١- ئەوەی بابەتەکە داوای دەکات، ڕوونی بکەرەوە.

٢- جۆری خوێندکارەکان و ئاستی زانستیان.

٣- ئەکـــسپێتی تۆو توانا زانســـتیەکانت، لە پێشکەشـــکردنی بابەتەکەو، بیرت نەچێت کە

ئامانجی ڕوون و دیاریکراو ڕێگەیەکی وانەوتنەوەی دروست= وانەیەکی سەرکەوتوو

بەشـــێوەیەکی گشـــتی بۆئەوەی وانەکەت سەرکەوتوو بێت، لەسەر مامۆستا پێویستە:

١- خوێنـــدکار بــۆ بابەتەکە ئامادە بکـــەو، گرنگی ئامانج و ناوەڕۆکی بابەتەکەی بۆ بەیان بکە.

٢- جەختبکەرەوە لە ئاســـتی زانیاری خوێندکاران لە بارەی بابەتی پێشوو، وە کاتیان بدەیە بۆ پێداچوونەوەیەکی خێرا.

٣- بابەتێکی نوێ پێشکەش بکە.

٤- پرسیارێک ئاراســتەی خوێندکاران بکە، بۆئەوەی ئاستی زانیاریان لەسەر بابەتەکە بزانیت.

٥- مافی خۆیانە فیدباکیان لەسەر بابەتەکە هەبێت.

٦- ئەرکی ماڵەوەیان بدەرێ، چونکە ئامانج پەیوەست کردنی خوێندکارە بە خوێندنەوەو خوێندنگەوە.

٧. دافێنەرییەو لە ڕۆتین دوورییە:

خووگرتنی بەهۆیەک ڕێگەی وانەوتنەوە لەسەرجەمی بابەتەکانیدا، ئاماژەیە بە جۆرێک لە (ڕۆتین) و بێزارکەرە، هەوڵبدە لەگەڵ هەر بابەتێک بەشێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵە بکەیت و، داهێنەرییە لە شێوازەکانی خستنەڕوو.

لە هەموو شت وەڕسکەرتر دووبارەکردنەوەی هەندێک وشەی ڕۆتینییە، وەک لاپەڕەی ژمارە .... بکەنەوە لە کتێبەکەتان، یان دەستشکردن بە نووسین لەسەر بۆردەکە وەک ئەوەی تەقریبەنەی مامۆستایان خوویان پێوە گرتووە، هەوڵبدە سەرەتای هەموو وانەیەکت سەرنجڕاکێش بێت، ئیدی جارێک بە پرسیارو جارێک بە چیرۆک و ئاوێنەکیش بە هۆکاری فێرکردن و چالاکی خوێندکاران، بەم شێوەیە دەتوانیت سەرنجی خوێندکاران بەرەو بابەتەکە ڕابکێشیت.

لەو شتانەی دەبێتە هۆی بێزاری خوێندکارو ڕۆتینە لە بابەتەکاندا و کاردەکاتە سەر شێوازی دانیشتنی خوێندکاران لە پۆلدا، خووگرتنی مامۆستایانە بە یەک شێوە دانیشتنی خوێندکارەوە لە شێوەی پۆل یان ریزی یەک لەدوای یەک، هەوڵبدە وانەیەک و وانەکەی دیکە شێوازی دانیشتنی خوێندکاران لەیەک نەچن و گەر جارێک بەشێوەی ریز بوو با جارێکی تر لەشێوەی بازنەیی بێت و پاشان بەشێوەی گرووپی بچووک، یان هەندێک جار بردنە دەرەوەی خوێندکاران بۆ دەرەوەی پۆل هۆیەکی دیکەی گرنگیدانی خوێندکارانە بە وانەکەت.



Scanned by CamScanner

A: وایکە وانەکەت چێژ بەخش بێت:

١: گەر هەستت کرد بابەتەکەت بۆتە هۆی بێزاری خوێندکاران، ئەوا بوەستەو پێداچوونەوە بکە، - ئامانج تەواوکردنی پلانی وانەکە نییە بەو شێوەیەی دانراوە، بەڵکو ئامانج سوود وەرگرتنی خوێندکارانەو، گەر ئامانجەکەت وەدی نەهات، ئەوا پلانی کتوپڕ بەکاربهێنەو زۆرترین سوود بە خوێندکاران بگەیەنە، هیچ شتێک لەوە خراپتر نیە خۆت بەبەستیتەوە بە تەنها بەشێک و بابەتێکی کتێبەکەوە، بیرت نەچێت ئامانجە گشتیەکانی فێرکردن و پرۆگرامەکان لە وانەیەک گەورەترن و پێویستە وانەکە دوابخرێت نەک هەموو بابەتەکە بکرێت بە قوربانی. بەپێی توانای گونجاندنی بابەتەکە با خوێندکاران چالاکی ئەنجام بدەن و، خۆت هەموو شتێک مەکەو ئەوان تەنها سەیربکەن، بیرت نەچێت ئامانجە پەروەردەییەکان جەختدەکەنەوە، کە خوێندکاران خۆیان چالاکیەکان ئەنجام بدەن، نەک تەنها تەماشاچی بن.

ئارەزووی خوێندکاران و لەبەرچاوگرتنی بیرۆکەکانی بەهایەکی گەورەی هەیە، بەنمونە لە بری ئەوەی دەڵێیت وانەی رابوردوو چیمان باسکردو ئەوەی بزانێ نمرەی ئەدەمێ، باشوایە بڵێیت چیتان پێباشە باسی بکەن، یان راتان چیە لە بارەی دووبارەکردنەوەی وانەی پێشوو؟!

٢: وروژاندنی پاڵنەرەکان لای خوێندکار: زۆر گرانەو، ئەستەمە، بزانیت خوێندکار پاڵنەرەکانی فێرکردنی تێدا نیە، دەست بە پەرەپێدان و وروژاندنی پاڵنەرەکانی خوێندکاران

بکەو، ئەمەش بەبەکارهێنانی سەرجەمی ڕێگەکانی فێرکردن و لەوانەش:

## بەکارهێنانی هاندەرو پاڵنەرەکان

هاندان و پاڵنەرەکان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خوێندکار هەیە، ئەگەرچی کارەکە لای خوێندکار مەبەستیش نەبێت، هاندان بە سوپاس و وتنی وشەیەکی باش و دیاری کردنیان، یان هاندانی مەعنەوی و دانانی ناویان لەسەر تابلۆی سەرکەوتوان (لوحە المتفوقین)، هەموو ئەمانە شوێنەوارێکی گەورە لە فێرکردنی خوێندکاردا بەجێدەهێڵن و، ئاسانن و خەرجییەکی ئەوتۆشیان ناوێت.

## ئامانجەکەت گونجاوو دیاریکراوبێت

بە پێدانی ئەرکی لەبەرکردنی ۱۰ وشەی ئینگلیزی، بۆت دەردەکەوێت چەندیان وەڵامیان داوەتەوەو بە دەمتەوە هاتوون و چەندیشیان بە بارگرانی و ئەرکێکی قورسیان زانیوە، ئەمەش بە پێدانی کاتی گونجاوو پێویست بۆیان.

## کێبڕکێی گونجاویان لە نێواندا دروست بکە

چالاکییەکی هاوشێوەی بڕگەی سەرەوە، بوار بۆ کێبڕکێیەکی گونجاو دەکاتەوەو، ئێوەش ئەمە لە بەرژەوەندی فێرکردنیاندا بەکاربهێنەو، ڕەچاوی جیاوازی تاکە کەسیان (الفروق الفردیە) بکە.

## ٩. مامۆستایەکی ئۆتۆکراتیک مەبە!

بیرت نەچێت تۆ هاتوویت بۆ فێرکردن، نەک بۆ تۆڵەکردنەوەی هەستی کەموکوڕییەکانیش، هۆکارەکەی خوێندکار نیە، ئارام و لەسەرخۆبە، بەشێکی فێربوونی خوێندکاران بۆ کەسایەتیی مامۆستایان دەگەڕێتەوە، بیربکەوە گەر لە ژیانی فێرخوازی خۆتدا مامۆستایەکی توڕەو قسە ڕەق هەبووبێت چەندە ترسی لە دڵدا چاندوویت؟ هەستدەکەیت تاکو ئێستا خۆزگەیەک لە ڕاست بەرامبەری هەیە، بۆ تۆو ئەوانی دیکەش خۆزگەیەک لە ئازاری دەروونی بەجێهێشتووە، کەم نین ئەو خوێندکارانەی بە هۆکاری توڕەیی و قسەڕەقەکانی هەندێک لە مامۆستایان وازیان لە خوێندن هێناوە، ڕەنگە بەشێکیان خاوەنی توانایەکی عەقڵی ئەوتۆ بووبێتن کە داهاتوویەکی سەرکەوتوو ئاستێکی بەرز چاوەڕوانیان بووبێت.

## ١٠. تێڕوانینت بەرامبەر خوێندکار باش بێت

لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ڕوانینی مامۆستا بۆ خوێندکارەکەی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەریان هەیە، گەر مامۆستا بە چاوی زیرەکی و لێهاتووییەوە لە خوێندکارەکانی بڕوانێت، بێگومان کاریگەری ئەرێنی لەسەریان دەبێت، بەپێچەوانەوە گەر مامۆستا بەچاوی لاوازی و تەمبەڵییەوە لێیان بڕوانێت و پێیوابێت هیچ تێناگەن، ئەوا بەو شێوەیە دەبێت کە مامۆستا وێنای دەکات.



Scanned by CamScanner

## گــــــــــەشبین بە

گەشـبینی لە باشـترین تایبەتمەندیەکانی مامۆسـتایەو، خوێندکاران راسـتەوخۆ تایبەتمەندیە باشەکان لە مامۆستاوە وەردەگرن و کاریگەری راستەوخۆی لەسەریان هەیە.

**پێزانینت بەرامبەر وەلام و بەشداری خوێندکاران دەربڕە**

هـەوڵ و ماندووبوونـی خوێندکاران لەبەرچـاو بگرە، ئەگەر کەمیش بێت، سوپاس و پێزانینی خۆتیان بۆ دەرببڕەو داوای زیاتریان لێبکە، بۆ ئەوەی هەست بکەن تۆ جیاوازی دەکەیت لە نێوان ئەوانەی بەشداری دەکەن و ئەوانەی بەشداری ناکەن و، با بزانن کە تۆ ئاگاداری بەشداریکردنیانیت.

**هیمەت و ئارەزووی فێربوونیان زیادبکە**

هیمەت و ئـارەزووی فێربـوون رەگەزێکی سـیحریەو، گەر پەرەی پێبدرێت دەرەنجامی گەورەی لێدەبینرێت و، زۆرینەی خوێنـدکاران خاوەنـی ئەم رەگـەزەن، وەلێ لـە حالەتی ســستیدایە، ئەم سـیفەتەی تێدا چالاک بکـە، ئەمەش بە وروژاندنی پەرۆشـی خوێندکارو هێنانەوەی نمونەو چیرۆکی بەسوودو پەیوەستکردنی بە ئامانجەکانەوە.

●●●

**١١. بەردەوام بە لە گەشەی زانستی و پەروەردەیی و پیشەیی**

نۆرێک لە مامۆستایان لە هەڵەیەکی گەورەدان، کە پێیانوایە لەگەڵ تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی وەزیفەدا، کۆتایی بە ماوەی خوێندنەوەیان دێت و ئیدی کاتی پشووە! ئەمەش نادروستە، پێویستە ئەو ڕاستییەتان لەبەرچاوبێت کە لەگەڵ تەواوکردنی خوێندندا، دروست کاتی بەهێزکردن و زیادکردنی تواناکانی خودە، ئیدی کاتی ڕێکخستنی خوێندنی تیۆری و پەرەپێدانی پسپۆری و ئاگاییە، سووربە لەسەر پەرەپێدانی زانستی و پەروەردەیی خۆت، چونکە هیچ شتێک لە دنیادا نیە بەجێگیری بمێنێتەوەو سیس نەبێت!

دەتوانیت بەیەکێک لەم ڕێگایانەی خوارەوە پەرە بە بواری زانستی خۆت بدەیت

**خوێندنەوەی ئاراستەکراو**

ڕاوێژ بە سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی یان پسپۆرێکی بوارەکە بکە، بۆ ئەوەی کتێبێکت بۆ دیاری بکات لە بواری پسپۆرییەکەی خۆت یان لە بواری پەروەردە بەشێوەیەکی گشتی، سووربە بەردەوامبە لە خولەکانی تایبەت بە بواری پەروەردەو فێرکردن.

**چاوپێکەوتنە پەروەردەییەکان**

بەڕێوەبردنی بوارە فێرکارییەکان و دامەزراوە پەروەردەییەکان لەسەر چاوپێکەوتنی پەروەردەیی و کۆڕو توێژینەوە پەروەردەییەکان وەستاوە، دوو دڵ مەبە لە بەشداری چالاکانەی بوارە پەروەردەییەکان و بێگومانبە کە سوودمەندن و دەبنە مایەی پێزانینی کەسە نزیکەکانت.

## خولە پەروەردەییەکان

بەشداری خولە پەروەردەییەکان لەکاتی خوێندن و دەوامی بەرزێی خوێندنگەدا دەگیرێت، هەوڵبدەو سووربە لەسەر ئەوەی بەشداری لەو خولە پەروەردەییانەدا بکەیت و، بێگومان ئەمەش بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و بابەتی (منهجی).

## ١٢. لە جنیەتدا سەرمەشق بە

هەموو قسەکانی پێزانەت لەسەر ڕەوشت و ڕەفتاری پێزانەی خوێندکار ناگاتە ئامانج، گەر سەرچەمی ئەو گوفتارانە لە ڕەفتاری شێوەی مامۆستادا نەبینن، سەرمەشق و شێلگیربەو، هەوڵبدە بە گاڵتەو شتی لاوەکیەوە ڕەفتار نەکەیت، چونکە بێگومانبە کاریگەری نەرێنیت لەسەریان دەبێت.

## ١٣. ئاگات لە نێوانی دێڕەکان بێت !

کاری پەروەردە تەنها پڕکردنی مێشکی خوێندکار نیە بە زانیاری، بەڵکو وەدەستخستنی توانا پێویستەکانیانە لە ئاراستەی دروست و ڕەفتارو پەرەپێدانی بوارە ئەقڵیەکان، ئەوەی خوێندکار لە کەسێتی مامۆستای وەردەگرێت، لە ئاکارو مامەڵەکردنی گونجاوو بۆچوونی بۆ جیاوازیەکان و ڕێگەکانی بیرکردنەوە، گرنگ و بە سوودترە لەوەی وەکو زانیاری بە خوێندکاری دەدات و، مەبەستیش نێوانی دێڕەکانی

بابەتەکەیەو، هەندێک شت خوێندکار بە ناڕاستەوخۆ لە مامۆستای وەردەگرێت و بە بێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات، ڕەنگە پۆزەتیف یان نێگەتیف بێت.
مامۆستای جدی و خاوەنی ئاکاری باش و هاوڕێی خوێندکارەکانی و خەمخۆرە بە پیشەکەی، خوێندکاران خۆشەویستیی زانست و خوێندنگەو ڕەفتاری باشی لێوە وەردەگرن، ئەگەر بابەتەکەی هەرچییەک بێت، کەسێتیت کاریگەریەکی گەورەی لەسەر خوێندکارەکانت هەیە.

## ١٤. بڵێ نازانم

هەندێک مامۆستا ڕوگیر دەبن بە وەڵامدانەوەی هەندێک پرسیارو پێیان ئەنگە بڵێن نازانم، لەڕاستیدا نەزانینی وەڵامی هەر پرسیارێک پێویست بە شڵەژان ناکات و شتێکی ئاساییە،
لەبەر ئەم هۆکارانە:

١. پێویستە ڕێز لە زانست و ئەقڵیەتی خوێندکار بگرین و، گەر پرسیارمان لەبارەی نەزانراوێکەوە لێکرا، هیچ پێویست بە دەستبڕین و فێڵ ناکات و باشتر ئەوەیە دان بەوەدا بنێین و بڵێین نازانم.
٢. پێویستە ئەوە لە مێشکی خۆمان و خوێندکاردا بچەسپێنین کە مەرج نیە هەموو شتێک بزانین، بەڵکو توانای خۆمان بزانین و قسە لە بابەتێک نەکەین گەر نەتوانین چاکی بکەین.
٣. ئەم دەستەواژەیە (نازانم) گەر مامۆستا بە متمانەوە بیڵێت ، ئەوا توانای لای خوێندکاراندا زیاتر دەکات. پێویستە مامۆستا ڕێنمایی فێرخوازەکانی بکات بۆ چۆنێتی گەیشتنیان بەو زانیاریانەو چۆنێتی ئامادەکردنیان بۆ گەڕان بەدوای زانیاریدا.

## ١٥. هۆکارەکانی فێرکردن بەکاربهێنە

هۆیەکانی فێرکردن کاریگەرییەکی زۆریان لە فێربووندا هەیەو، لەوانەش:

١. قسەی تیۆری لای مامۆستا زیاد دەکات.

٢. سەرنجی خوێندکاران ڕادەکێشێت.

٣. بێزاری و جاڕسی ڕوونکردنەوەو خوێندنەوە (الملل) ناهێڵێت.

٤. زانیارییەکان جێگیر دەکات.

٥. بیرۆکەکان بەشێوەیەکی باشتر ڕوونده‌بێتەوە، وەک لە قسەی وشک (مجرد).

بیرت نەچێت بەکارهێنانی ڕاستەقینەی هۆکارەکانی فێرکردن وەک هۆیەکی ڕوونکردنەوە زۆر باشترە لە بەکارهێنانی وێنەکەی، بەنموونە لە بابەتـی زمانی ئینگلیزی جۆرێک لە بارگرانییە کە تـۆ بە خوێندکارێک بڵێیت وشـەی headmaster م بۆ پاچڤـە بکەن و، هـۆکاری دیکەت هەبێت، ڕەنگە مامۆسـتا بە بیریدا نەهاتبێـت خوێندکارەکانی بباتە ژووری بەڕێوەبەرو پێیـان بڵێـت This is the headmaster ، لەگەڵ ئەوەی کە کارێکی ئاسانە، زانیارییەکان لە هۆشی خوێندکاردا دەمێنێتەوەو، زیندوێتی بە بابەت و پۆلەکە دەبەخشێت.

Scanned by CamScanner

### ١٦. بۆرد (تەختەڕەش)... هاوڕێی هەمیشەییەو بەباشی بەکاری بێنە:

بۆرد لە کۆنترین هۆیەکانی فێرکردنەو کەمترین خەرجی دەوێت، نابێت بەکارنەهێنرێت، پێویستە چالاکانە بەکاری بهێنیت، هەندێ لە مامۆستایان پێیانوایە بەکارهێنانی بۆرد شتێکی هەڕەمەکی و بێ بنەمایە! ئەمە ڕاست نیە، مامۆستای سەرکەوتوو بۆرد بەشێوەیەکی ڕێکخراوو بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بەکار دەهێنێت.

لە بەکارهێنانیدا بۆردەکە بۆ دوو یا سێ بەش دابەش بکە، هەر بەشێکیان بۆ لایەنێکی بابەتەکەو، بەشێوەیەکی ڕێک و ئاشکرا، بۆ وێنە بەشێکی بۆ ڕەگەزەکانی وانەکەو، بەشێکی بۆ ئەو ڕستەو دەستەواژانەی کە مەبەستە تا کۆتایی وانەکە بمێنێتەوەو، بەشەکەی دیکەیان بۆ ئەو دەستەواژە کاتیانەی دەتەوێت ناو بەناو بیانسڕیتەوە.

ئەم ڕێنماییانەش بەهای پەروەردەییان هەیە:

- کاتێک سەرقاڵی نوسینی لەسەر بۆردەکە، قسە مەکە.
- لەکاتی نوسسیندا لەسەر بۆردەکە هەوڵ بدە پشتت لە خوێندکاران نەبێت و، لا تەنیشتیان تێبکە، گەر هەڵەتکرد لە نوسسیندا هەوڵبدە لە کەمترین کاتدا بیسڕیتەوە، ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ بەکاربهێنەو، ئەمەش یارمەتی خوێندکاران دەدات لە پۆلێنکردن و پەیوەندی نێوان نوسینەکان بە باشی تێبگەن.

• دڵنیابە لە پەیڕەوی نووسینەکەت و پێویستە لەسەرجەمی خوێندکارانەوە بە جوانی ببیسترێت.

• (داتاشۆ) بەکاربهێنە، بەمەرجێک ڕاهێنانت لەسەرکردبێت و ئەمەش باشتر بابەتەکەت بۆ ئاسانە دەکات و ئەم سوودانەی هەیە:

١. کاتێکی زۆرت بۆ دەگێڕێتەوە.

٢. وا دەکات هەمیشە ڕووت لە خوێندکاران بێت.

٣. کێشەی ئەو مامۆستایانەش چارەسەر دەکات کە خەتیان خۆش نیە.

## ١٧. توڕه مەبە..!

توڕەبوونی مامۆستا لە خوێندکارەکەی لەهەموو شت زیاتر توشـی گرژی و هەڵچوونی دەکات و ، پاشان کۆنترۆڵی پۆل لە دەسـت دەدات و، جۆرێک لە تـرس و تۆق لە پۆلەکەیدا دروستدەکات، ڕەنگە بەهۆی توڕەبوونەوە مامۆستا ناچاربێت هەندێک ڕەفتاری نەشیاوو بەد ئەنجام بدات، مامۆستای توڕە لە هەر پۆلێکدابوو پاڵنەرە بۆ دروسـتکردنی کێشمەکێش لەو پۆلەدا.

چۆن بەرەنگاری توڕەبوون دەبیتەوە

١. دەبێت زانیاریت لەسـەر سیفەتەکانی ڕەفتاری کەسایەتی ئـەو قۆناغە هەبێت کـە وانەیان پێ دەڵێیتـەوە. ڕەفتاری هەندێک خوێندکار کە بەبێ مەبەست ئەنجامی ئەدەن، دەبێتە هۆی توڕەبوونی مامۆستا، پێویستە بەچاوی واقیعی و بابەتی لـەو ڕەفتارانە بڕوانیت، بە نمونە ئەگەر خوێندکارێک لەکاتی وانەوتنەوەدا لەشـوێنی خۆی هەسـتا بۆ قسـەکردن لەگەڵ هاوڕێیەکی (بەبۆچوونی مامۆسـتا ئەم ڕەفتارە تەندروسـت نیـەو بەهۆیەوە تـوڕە دەبێت)، پێویسـتە لای ڕوونبێت کە منداڵ یـان هەرزەکار ناتوانێـت بۆماوەیەکی زۆر بەبێدەنگی و بەبێ جوڵە دابنیشـێت و، گەر بە چاوی واقیعیانە سەیری خوێندکاران بکات، ئەوا زۆر پێی ئاسایی دەبێت.

٢. پێشبینی ڕەفتارەکان بکە:

زانیاریت لەسـەر قۆناغەکانی تەمەنی خوێندکاران دەتوانێت هاوکارت بێت بۆ پێشـبینی کردنی هەندێک هەڵسـوکەوت و ڕەفتار، گەر ڕووداوێ هەبوو ئەوا پێت سەیر نابێت و دەتوانیت

بۆ ڕووبەڕووبونەوەو چارەســـەرکردنی ئامادەبیت، بەردەوامیە
لە خوێندنەوەی سەرچاوە زانستیەکانی دەروونناسی گەشەو،
پێویستە سەرجەمی مامۆستایان تێیدا شارەزابن.

٣- واتێمەگـە کـە ئەو ڕەفتارانەی لای تۆ تەندروســت نین، خوێندکاران بە ئەنقەسـت ئەنجامیان دەدەن و بۆ تورەبوونی مامۆسـتایانە، نەخێـر، بەڵکو زۆرینەی ئـەو ڕەفتارانە لای خوێندکاران ئاسـایین و هیچ مەبەستێکیان نیە، بەتایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا

●●●

**١٨. باشترین مامەڵە لەگەڵ خوێندکارە گێرەشێوێنەکاندا بکە**

بــا ئایدیالی نەبیــن، لە زۆربەی پۆلەکانــدا خوێندکار هەیە، کە دەبنە هۆی کێشــەو ڕێگری لەبەردەم پرۆسەی فێرکردن، هەندێک هــۆکار هەیە بــە هۆیانەوە دەتوانیت بەســەر ئەو کێشانەدا زاڵبیت، یاخود کەمیان بکەیتەوە... لە نموونەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

a. بــا کارامەیی و چالاکیە پەروەردەییــەکان لە پۆلەکەتدا هەبێت و، زەوینەیەک بسازێنە خوێندکاران بێزارنەبن.

b. بــەدوای ئەو گرفتانەدا بگەڕێ، کــە خوێندکار بەهۆیەوە کێشــە دەسازێنێت و هەوڵی نەهێشتنیان بدە، گەر هۆکارەکە نزیکــی دوو خوێنــدکارە لەیەکترەوە دەتوانیــت لەیەکتریان جیابکەیتەوە، بەپێی دۆخەکە بژاردەی دروست هەڵبژێرە.

c. دەتوانیت خوێندکارە بزێوەکان لەڕیزی پێشەوە دابنێیت و بەمەش دەتوانیت زیاتر سەرنجیان بدەیت.

d. هەموو کێشەیەکی خوێندکار پێویستی بەوە نیە وانەکەی بۆ ڕابگریت و چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە، هەندێک ڕەفتار هەیە تەنها بە سەیرکردنێک یان تێپەڕین بەلایداو سەرنجێکی کورتی بدەیت، دەتوانێت چارەســەرێکی باش بێت، بەبێ ئەوەی خوێندکارانی دیکە هەستی پێبکەن.

e. زۆرینەی ئەو کێشانە بەهۆی بوونی فەراغە لای خوێندکار، هەربۆیە سەرقاڵی بکەو، تەنها ئەوە دروست نیە بەبەردەوامی وانەبڵێیتەوە.

f. زۆرێــک لەو خوێنــدکارە بزێوانە پێویســتیان بەوە هەیە



Scanned by CamScanner

بەتەنها قسەیان لەگەڵ بکەیت و، بەڵێنی دوبارە نەبونەوەیان لێوەربگریت.

g. دەتوانیت پرس بە ڕابەرێکی پەروەردەیی بکەیت و لێیەوە سودمەندبیت.

لێدان بەکارمەهێنە! پێویست ناکات شەرەقسەی ئەوەبکەیت بۆچونەکان لەبارەی لێدانەوە ڕوونبکەیتەوە، بەهیچ شێوەیەک مامۆستا پەنا بۆ لێدان نابات و پێویستە لەم کارەوە دووربێت.

## ١٩. پلان و هەڵسەنگاندنت هەبێت و ڕاوێژ بە خوێندکاران بکە:

نەخشەکێشان بنەمای سەرکەوتنی هەموو کارێکە، پلان بۆ کارەکانت دابنێ گەر بۆ ماوەیەک یان بۆ پۆلێک یا بۆ مانگێک و ساڵێک بێت، ئەرک و چالاکیەکان پێویستیان بە پلان و نەخشەکێشانە بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی بەتەواوی بەدی بێت، بێگومان پلان ناگاتە ئامانج گەر بەوردی هەڵسەنگاندنی بۆ نەکرێت و بەتەواوی جێبەجێنەکرێت.

ڕاوێژ بەخوێندکارەکانت بکەو بۆیان ڕوونبکەوە کە ئامانجەکەت چیە؟ بۆچوونەکانیان بەهەند وەربگرەو بەپێی مەودا کاریان لەسەر بکەو، بەمەش جۆرێک لە پەرۆشیان بۆ بابەتەکە دەبێت.

## ٢٠. تاقیکردنەوەکانت جۆرێک لە هەڵسەنگاندنە بۆ خۆت:

تاقیکردنەوەکان پرۆسەی ڕێکخستن و پێوانەی ئەدای مامۆستاو بەرهەمی خوێندکارەو، لەسەر بنەماو ڕێسای زانستی بەندەو، هەڵبژاردنی جۆری پرسیارو شێوازی دانانی پرسیاریش شارەزایی مامۆستاو ئاستی زانستی دەردەخات.

بیر لەمانە بکەرەوە:

١. ئامانجی تاقیکردنەوەکەت دیاری بکە.

٢. بەپێی ژمارەو جۆری پرسیارەکانت کاتی تاقیکردنەوەکەت دابنێ.

٣. بابەتەکە بەباشی شیبکەرەوە.

٤. وا بکە پرسیارەکان لە گشت بەشێکی بابەتەکەبێت.



Scanned by CamScanner

٥. وایکە پرسیارەکان ڕوون بن و، بیرت نەچێت کە تاقیکردنەوە دروست ئەوەیە بۆ هەمان قۆناغ و مەبەست دابنرێت.

**پرسیاری بابەتی یا پاسکردن؟!**

گەر دەتەوێت ئاستی ڕاستەقینەی بیرکردنەوەی خوێندکارت بۆ دەربکەوێت و گرفتی کەمی کاتی ڕاستکردنەوە (تصحیح)ی پرسیارەکانت هەیە، ئەوا پرسیاری بابەتی دابنێ.

**بنەمای داڕشتنی پرسیاری بابەتی:**

**پرسیاری (ڕاست) و (هەڵە)**

١. ڕستەکە بەهەمان شێوەی نێو کتێبەکە مەنوسەوەو، هەوڵبدە جارێکی دیکە دایبڕێژیتەوە، بۆئەوەی ئاستی تێگەیشتنیان فراوان بکەیت.

٢. دووربکەو لە دەربڕینی شاراوەو نادیار.

٣. دووربکەوە لە دەستەواژەکانی (هەمیشە هەرگیز هەرگیز)، چونکە وا لە خوێندکار دەکات پێیوابێت برگە«عبارە» کە دروست نیە.

٤. دەبێت وەڵامەکە بێ گرێ و ڕوون و یەکلاکەرەوەبێت.

**پرسیاری هەڵبژاردن**

١. با بژاردەکان سێ یا چوار بژاردەبن.

٢. پێویستە بژاردەکە زۆر ڕوون و ئاشکرابێت.

٣. دووربکەوە لە ئامرازی نەرێ و هەڵاوێردن، چونکە ئەمە تێگەیشتنی خوێندکار ئاهێڵێت.

٤. بابژاردەکان لێک نزیک و لۆجیکی بن.

٥. با مەبەستەکە ڕوون بێت و زانیاری نا پێویستی تێدانەبێت.

Scanned by CamScanner

**پرسیاری گەیاندن**

١. باشترە وشەکانی لیستی یەکەم لەوەی دووەم زیاتر بن.

٢. دەبێت وەڵامە ڕاستەکان تەنها لە یەکێک لە خاڵەکانداببێت وگەرهەڵە یا تێکەڵی هەبوو، واتە دوو لە وەڵامەکانی لیستی دووەم بۆ پرسیارەکانی لیستی یەکەم بگونجێن، ئەوا نەگونجاوەو پێویستە خوێندکاران ئاگاداربکرێنەوە.

٣. وابکە گەیاندنەکە بەشێوەی ژمارە یا پیت بێت، نەک بە هێڵکاری.

**پرسیاری بۆشایی**

١. با ڕستەکە هەموو ئاماژەیەکی داواکردنی وشەی داواکراوی تێدابێت.

٢. دوو بۆشایی زیاتر لە ڕستەیەکدا، دەبێتە هۆی شاردنەوەو ناڕوونی پرسیارەکە.

٣. هەوڵبدە بۆشاییەکە لە کۆتایی ڕستەکەبێت و، ئەمەش داواکاریەکەت بۆ ئاسان دەکات.

**پرسیاری باسکردن دلێنی، گەر ویستت:**

١. هەڵسەنگاندن بۆ خوێندکاران بکەیت، بۆ زانینی چەمک و دەستەواژە بڕیارلێدراوەکان.

٢. توانای خوێندکاران بزانیت لەڕووی بەراوردو ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ڕوداو و چەمکەکان و تێگەیشتنیان.

٣. پێوانەی توانای داهێنەرانەو خەیاڵی خوێندکاران بکەیت.



Scanned by CamScanner

**ڕێساکانی دانانی پرسیاری باسکردن**

١. بۆ خوێندکاری ڕوونیکەوە، کە هەندێجار پرسیارەکان پێویستیان بە وەڵامی دوورودرێژ هەیە، پێویستە خوێندکار پێشبینی ئەوەی کردبێت، ئەگەر وەڵامی پرسیارێک لە چەند بەرەیەکیش زیاتربێت.

٢. نموونەیەکی وەڵامە ڕاستەکە بۆ خۆت دابنێ و نمرەکانیشی بە وردی لەسەر دیاری بکە، بۆئەوەی ڕاستکردنەوە (ڕاستی/ هەڵە) بەکەت ئاسانتربێت.

٣. کاتی پێویستیان پێبدە بۆ وەڵامدانەوە.

ئەگەر لەسەر خەت جوانی و ڕێنوس لێپرسینەوە دەکەیت، ئەوا پێشوەخت لەوە ئاگاداریان بکەرەوە.

**نمرەدانی تاقیکردنەوەی زارەکی**

هەندێک بابەت پێویستیان بەتاقیکردنەوەی زارەکی هەیە، وەکو خوێندنەوەی ئاشکرا، کە دەڵێم ئاشکرا مەبەستم ئەوەیە خوێندنەوەی بەدەنگ بۆ خودی خوێندکارەو زیاتر لە نوسینەکیدا سوودی لێوەردەگیرێت، وەلێ زارەکی دەتوانێت تواناکانی بخاتەڕوو.

هەندێک لە مامۆستایان پێیانوایە جیاوازی لەنێوان تاقیکردنەوەی زارەکی و نوسینەکی تەنها ئەوەیە لە یەکەمیاندا بە زارەکی تاقیدەکرێتەوەو، لە دووەمدا بە نوسینەکی، وەلێ ئەمە ڕاست نیە، بەڵکو لە تاقیکردنەوەی زارەکی کارامەییە زارەکییەکانی خوێندکارمان بۆ دەردەکەوێت، وەکو خوێندنەوەو گفتوگۆو توانای دەربڕین و چۆنێتی بەستنەوەی فرەیزو دەستەواژەکان بەیەکترەوە، ئەگەرچی لە نوسینەکیدا تەنها



Scanned by CamScanner

بە نوسین داوای وەڵامی پرسیارەکەی لێدەکرێت.

**لە تاقیکردنەوەی زارەکیدا ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکە:**

١. بە پرسیارێکی ئاسان دەستپێبکەو، بەوهۆیەوە گرژی خوێندکار مەهێڵە.

٢. دوای سڵاو، ڕوویەکی خۆش پیشانی خوێندکار بدەو هانی بدەو، ترسی تاقیکردنەوەی بیر ببەرەوە.

٣. تاقیکردنەوە بە خوێندکار مەکە لە پێش چاوی هاوڕێکەی، بەتایبەتی ئەوانەی کە شەرمن.

***



Scanned by CamScanner

**٢١. ئاسانکارییەو گرانکار مەبە...!**

هەندێک لە مامۆستایان سەرکەوتنی خۆیان دەبەستنەوە بە مەودای توندیان لەگەڵ خوێندکاردا، پێویستە لەسەرتان وەڵامەکانتان نموونەیی بێت و تاقیکردنەوەکەشتان زۆر گرانەو پرسیارەکانم قورسن، ئەمە ڕاست نیە، ئاسانکاری خواستێکی ڕەوای پەروەردەییە، مامۆستای سەرکەوتوو خوێندکار هاندەدات و بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە ڕێگەی بۆ خۆش دەکات، واتە کارەکان بە ئاسانی پیشان بدات نەک بارگرانی دروست بکات.

**٢٢. مامۆستایەکی پەروەردەکاریە، نەک تەلقینکەر!**

ئەرکی مامۆستا تەنها ئەوە نیە مێشکی خوێندکار بە زانیاری پڕبکات و تەنها پەرەبدات بەلایەنی زانیاری و فێربوون، بەڵکو پێویستە مامۆستا پەروەردەکاربێت و، ئامانجەکەت پەرەپێدانی سەرجەم لایەنەکانی ئەقڵی و ڕۆحی و بەدەنی و دەروونی و سۆزداریش بێت، وە بەدەستهێنانی ئاراستە ڕاستەقینەکانی پەروەردەو، زانیارییەکان وەک هۆکار سەیربکات نەک وەکو ئامانج، بۆ وێنە خوێندکار دەزانێت وشەی (ڕاستگۆ) وەسفە بۆ کەسێک قسەو گوفتاری ڕاستن، وەلێ ئامانج ئەوەیە خوێندکار ڕاستگۆیی لە مامەڵەو کردارو گوفتاریدا بچێنرێت و ببینرێت.

**٢٣. ئاگات لە بەهرەی خوێندکارەکانت بێت و پەرەیان پێبدە:**

وتمان کە مامۆستا پەروەردەکارە، دەبێت ئاگات لە لایەنە ئەرێنی و خاڵە بەهێزەکانی خوێندکاربێت و پەرەی پێبدەیت و هاوکاریان بێت بۆئەوەی بە ئامانج بگەن، پرۆگرامی خوێندن سەرقاڵت نەکات و بەهرەی خوێندکارانت بیرنەباتەوە،



Scanned by CamScanner

زۆرینەیان بەهرەو کارامەیی ئەوتۆیان تێدایە کە بەرنامەکانی خوێندن ڕێگەنادەن دەربکەون، ئاگات لەو گرفتەبێت و بە تواناکانی خۆت پڕیان بکەوە، بیرت نەچێت کە مامۆستا بەشێکە لە پرۆگرامەکانی خوێندن! لەبەر هەڵەشەیی و ئاگادارنەبوونی مامۆستا، چەندین بەهرەو شارەزایی و چەندین توانای لێهاتووانەی خوێندکاران بەشاراوەیی دەمێننەوەو هیچ کەڵکیان نابێت و، ئەوانەش سەروەت و وزەی بەکارنەهاتوون کە بە فیڕۆ دەچن!

**٢٤. ڕەچاوی جیاوازی تاکەکەسیەکان بکە (فروق فردیە)**

توێژینەوە پەروەردەییەکان سەلماندویانە کە خوێندکاران لە ڕووی توانا ئەقڵی و کارامەیی و دەروونیەکانەوە جیاوازن و، لە ڕەفتارکردنت لەگەڵ خوێندکاران، ڕەچاوی جیاوازی تاکەکانت بیر نەچێت، خوێندکاری زیرەک و سەرکەوتوو پێویستی بە چالاکیە بۆ ئەوەی لەسەر تواناکانی بەردەوام بێت، ئەو خوێندکارەشی کە هێواش فێردەبێت پێویستی بە نزیکایەتی مامۆستاو ئەتانەت هاوڕێیەتیشی هەیە، خوێندکاری شەرمن پێویستی بە شێوە ڕەفتارێکە تووشی ڕوگیری و شکاندنەوە نەبێت لای هاوڕێکانی و، بەم شێوەیە هەریەکەیان بە تایبەتمەندی خۆیان، ڕەچاوکردنی ئەمەش جگە لە سوودەکەی، بەو جۆراو جۆرییەی زیندوێتیەکی زیاتر بە بابەتەکە دەبەخشێت

Scanned by CamScanner

## ٢٥. ئەرکی ماڵەوە بەباشی جێبەجێ بکە:

هەندێک لە مامۆستایان پێیانوایە ئەرکی ماڵەوەیان نیەو، ئەوەی هەیە شتێکی رۆتین و بێ ئامانجە، وەلێ ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەرکی ماڵەوە بەشێکە لە وانەکەو، پێویستە پلانی بۆ دابنرێت و ئامانجی دیاریکراوبێت و مەبەستەکەش سەرقاڵ و ماندوکردنی خوێندکار نیە، وەک هەندێک لە مامۆستایان وێنای دەکەن!

### چەند خاڵێکی جەوهەری کە پەیوەستن بە ئەرکی ماڵەوە:

١. ئامانجەکەت دیاری بکە لە ڕووی ئەرکی خوێندکارەوە، ئایا ئەمە ڕاهێنانە یا بۆ جێبەجێکردنە، یا هەڵسەنگاندنە؟

٢. پێویستە ئەرکی خوێندکار هێندە زۆر نەبێت، کە کات لە بابەتەکانی دیکەی یان کاتەکانی پشووی ببات.

٣. دڵنیابە لەوەی کە خوێندکار لە کارەکەی خۆی گەیشتووە.

٤. باشترەو زۆرجار پێویستیشە کە نمونەیەک لەپێش چاوی خوێندکاران باس یان شیکار بکرێت.

### ڕاستکردنەوە (تصحیح)ی ئەرکی ماڵەوە

١. ئەگەر ئەرکێکت پێدان بۆ ماڵەوە، بێگومان سەیری بکەوە، چونکە ئەرکێکیان بدەیتێ و سەیری نەکەیتەوە، سودێکی نیە.

٢. ڕاستکردنەوە مانای ئەوە نیە تەنها خەتێک لە دەفتەرەکەی بدەیت و بنوسیت «بینراوە»، بەڵکو مانای ئەوەیە بەباشی سەیری بکەیت و هەڵەکانی بۆ دیاری بکەیت.

٣. لە ڕاستکردنەوەدا وردبە، لەوە نەشیاوتر نیە نیشانەی

ڕاست لە وەڵامێکی هەڵە بدەیت، سەرنجی ئەو هەڵوێستە بدە خوێندکارێک وەڵامەکەی بە یەکێکی دی بەراورد بکات!

٤. ئەگەر نیشانەی هەڵەت لە وەڵامێکدا، ئەوا پێویستە جۆری هەڵەکەش دیاری بکەیت، وەک ئەوەی زۆرینەی مامۆستایان لەسەر دانانی یەک ئاماژە ڕێککەوتوون، یان دانانی بازنەیەک لە دەوروبەری وەڵامە هەڵەکە دادەنێن، یا هێڵێک بەژێر وەڵامە هەڵەکەدا دەهێنن.

●●●

## ٣٦. کەشێکی گونجاو بۆ چالاکی لە پۆلەکەتدا بسازێنە

تێرەی مامۆستا مەبنە تاکە سەرچاوەی چالاکی لە پۆلدا

هەوڵبدە هەموو چالاکیەکانی ناو پۆل لە خۆتدا کۆنەکەیتەوە، بەڵکو کار لەسەر ئەوەبکە لەنێو خوێندکاراندا چالاکی هەبێت و سوود لەیەکترەوە وەربگرن و، پۆلی تۆ بکاتە ئەوەی سەرپەرشتی و ئاسانکاری بۆ پرۆسەی فێربوون بکەیت، با خوێندکارەکان پرسیار لەیەکدی بکەن و، بتوانن بگەنە دەرەنجامە فێرکاریەکان.

### لە دابەشکردنی چالاکیەکاندا دادپەروەربە

بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەن، بەشێک لە مامۆستایان زۆرینەی چالاکیەکانی ناو پۆل لە چەند خوێندکارێکدا کۆدەکەنەوە، ئەوانی دیکە جیادەکرێنەوەو پشتگوێ دەخرێن، ئەوانەی بەم شێوەیە کاردەکەن پێیانوایە بە تەنها کورتکردنەوەی وانەکە لەو خوێندکارانەدا زیندوێتی بە پۆلەکە دەبەخشێت و، ئەگەر سەرجەمی خوێندکارانی پۆل بەشداری چالاکیەکان بن، ئەوا وانەکە بەهێواشی بەڕێوە دەچێت و زیندوێتی لە بابەتەکەدا نامێنێت! بێگومان ئەمەش بۆچوونێکی نادروستە، چونکە وانەکە تەنها بۆ خوێندکارانی بەتواناو زیرەک نیە، بەڵکو پێویستە سەرجەمیان سوود لە چالاکیەکانی پۆل وەربگرن و تێیدا بەشداربن، بە ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکە کەسیەکان.

## ٣٧. پارێزگاری لە کاتی وانەکەت بکە

کاتەکەت وانە وانەکەت، بەبێ کات ناتوانیت وانەکەت باس بکەیت، لەبەر ئەوە هەوڵبدە لە هەموو خولەکێکدا ئامانجێکی بەرەوپێشبردن بگەیەنیت، بەم هۆیانە دەتوانیت پارێزگاری لە

کاتەکەت بکەیت:

١. لە کاتی دیاریکراودا لە پۆل بە.

٢. ڕێگە مەدە خوێندکاران لە وانەکەیان دوا بکەون و فێریانبکە پێش لێدانی زەنگ ئامادەی چوون بۆ پۆلەکانیان بن.

٣. لەکاتی پێویستدا نەبێت لە پلانەکەت دەرمەچۆ.

٤. دڵنیابە لەوەی پێویستی و هۆکارەکانی فێرکردنت لە پۆلدا هەیە.

٥. هەموو کاتەکانی وانەکەت بەکاربهێنە، ئەمەش مانای ئەوە نیە بەردەوام لە جموجۆڵ و چالاکیدابیت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کاتەکە بە فیڕۆ نەدرێت.

**٢٨. خوێندکارەکانت فێری چۆنێتی فێربوون بکە**

زۆرینەی مامۆستایان گازندەی ئەوە دەکەن، کە خوێندکاران سەبارەت بە وانەکانیان کەمتەرخەمن، ئەمە ڕاستیەکی ڕوونەو زۆرینە لەسەری کۆکن، تەنانەت بەشێک لە خوێندکارە جدیەکانیش توانای بیرکردنەوەو فێربوونیان نیەو، ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە، وەلێ ئەو هۆکارەی زۆر گرنگەو هەموان فەرامۆشیانکردووە، ئەویش زۆرینەی خوێندکاران نازانن چۆن فێربن و بەڕێگەکانی بیرکردنەوە ئاشنا نین! پێویستە مامۆستا هەوڵ بدات لەوە بگاتەوە خوێندکارەکانی فێربن و ڕاهێنانیان پێبکات و، توانای بیرکردنەوەیان زۆر بکات و بەمەش ئەنجامەکە سەرکەوتوو و پۆزەتیڤ دەبێت.

سەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندن و، بەهاوکاری ڕابەرەکانیان خوێندکاران فێربکەو ڕاهێنانیان پێبکە لەسەر بیرکردنەوەی

دروست و هەستیاری کرداریی پێ دەبەخشێ؛ گرنگی پێداچوونەوەی وانەکەیان بۆ باس بکەن، بەشێوەیەک پێیان بڵێن کە چۆن بخوێنن؟ وە چۆن زانیاری خاڵە سەرەکییەکان دیاری بکەن؟ چۆن دەتوانن ئەوەی دەیخوێننەوە تێبگەن؟ کامانەن ئەو کارانەی دەبێت بۆ بیرکردنەوەیەکی دروست بیکەن، سەرچاوەی زۆر لەو بارەوە هەن و دەتوانێت سوودیان لێوەربگرێت

**٢٩- خوێندکاران فێربکە بەدوای سەرچاوەکانی زانیارییدا بچن:**

ئێستا لە چەرخی تەقینەوەی زانیارییەکاندایین و، معقول نیە داوا لە خوێندکار بکرێت زانیارییەکان لەبەر بکات. بەڵکو بەس ئەوەی سەرقاڵیان بکەی بە لەبەرکردنی زانیارییەکانەوە، باشترە پرسیارێکیان ئاراستە بکەیت و لەگەڵیاندا هاوکاربیت بۆ ئەوەی وەڵامەکان لە سەرچاوە ڕاستییەکاندا بدۆزنەوە، هەرچەندە ئەمە بەسەر هەموو بابەتێکدا جێبەجێ نابێت و هەندێکیان پێویستیان بە لەبەرکردنە، هەربۆیە ڕێگەی دەستنیشانی زانیاری بۆ خوێندکار ڕوونبکەرەوە؛ لەو ڕێگەیەوە لەڕێگای سەرچاوەی جۆراوجۆریان لێبکۆڵێتەوە.

**٣٠- خوێندکاران فێربکە، چۆن بیربکەنەوە!**

هەندێک ئاستەنگ هەیە پێویستە خوێندکار خۆی هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی بدات، گەر مامۆستا ئاشنای ڕێگەکانی بیرکردنەوەی نەکات، ڕەنگە بەشێوازێکی تاڵی چارەسەری بکات و ئەمەش لەبەر ئەوەی بەشێکی ڕێگەکانی وانەوتنەوە تەنها ڕێگەی تەلقینە، هیچ مەودایەک بۆ بیرکردنەوەی خوێندکار ناهێڵێتەوە، بەردەوام داوا لە خوێندکارەکانت بکە بۆ ئەوەی بیربکەنەوەو چارەسەری ئەو کێشانە بکەن، کە ڕووبەڕوویان

نەهێشتووە، پرسیارییان ئاراستە بکەن، بیریان بورووژێنە، ڕێگەی بیرکردنەوەی درووست و چارەسەری کێشەکانیان فێربکە، بیرکردنەوەی داهێنەرانەیان فێربکە، سەرنج بدەن منداڵان بەشێکی گەورەی زیرەکیان هەیە، ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆر بەی خێرایی ئەم زیرەکییە سروشتییە بەهۆی خوێندنگاوە نەبیرکێنەوەیەن، مامۆستا دەگاتە ئەوەی بڵێت خوێندکاران هەرگیز بیریانکەنەوە، نەبینێت وزەیەکی زۆر بە فیرۆدەچێت، ئاسەتی هۆکاری زۆرە، وەلی مامۆستای هۆشیار دەتوانێت چاکسازییەکی تەنیک تێدابکات، بە پێچەوانەی ئەوەی باوە، بیرکردنەوەی داهێنەرانە پێویستی بە زیرەکی لە ڕادەبەدەر نیە، هێندەی پێویستی بە ڕوونکردنەوەی ڕێگەکان و ڕاهێنانیان بۆ بیرکردنەوە دەکات.

**چۆن خوێندکارەکەت فێری داهێنان دەکەیت؟**

١. کەشی پۆلەکەت بەجۆرێک بێت بیرکردنەوەی سەیرو نوێ پەسەند بکات و فەزایەک بێت بۆچوونی نوێی تێدا بێتە کایەوە.

٢. خوێندکارەکانت هانبدە بۆ گەڕان و دۆزینەوە، دەربڕینی هەست و بیروبۆچوونەکانیان لە ئاست دۆزینەوە نوێیەکان.

٣. بەشێکی کاتەکەت بۆ هاندان و بەرهەمهێنانی بیرو داهێنان تەرخان بکە.

٤. خوێندکاران هانبدە بە بواری جیاوازەوە سەرقاڵ بن و، چالاکی جۆراو جۆرو نوێیان پێشکەش بکە.

Scanned by CamScanner

٥. بە خوێندکارانی ڕابگەیەنەو دڵنیایان بکەرەوە کە، هەموو کەس تا ڕادەیەک توانای داهێنانی هەیە.

٦. ڕەگەزو ڕێگەکانی داهێنان بۆ خوێندکارەکانت ڕوونبکەرەوە.

٧. خوێندکاران هانبدە لەسەر وەرگرتنی زانیاری لە بوارو پسپۆڕییە تایبەتەکان.

٣١. لەگەڵ هەموان پەیوەندیت باش بێت:

**لەگەڵ خوێندکار:**

نابێت بیرمان بچێت کە خوێندکار ماندوو دەبێت و لەژێر فشارێکی تقدی دەروونیدایە، نابێت لە شێوەی ئامێر ڕەفتاریان لەگەڵ بکەین هەرچییەکمان ویست لەسەر ئەوان تاقیبکرێتەوە، پێویستە ڕەچاوی هەست و سۆزیان بکەین و ڕێز لە ماندووێتیان بگرین، هەوڵبدە پەیوەندی نێوانتان لەسەر بنەمای دڵسۆزی و ڕێزو متمانە بنیات بنرێت. بەهەموو شێوەیەک دوورە لە شکاندن و ئابڕووبردنی خوێندکار، چونکە ئەمە مافی تۆ نییە، لێکەوتەی دەروونی و پەروەردەیی نێگەتیڤی دەبێت.

**لەگەڵ بەڕێوەبەر**

لەڕاستیدا بەڕێوەبەری خوێندنگە سەرپەرشتیارێکی هەمیشەییە (المشرف مقیم) لە خوێندنگەدا، هەوڵبدە سوودی لێوەربگریت، لەکارەکانتدا بەشداری پێبکە، دروستکردنی جۆرێک لە ڕاوێژ گرنگە، وەلێ بیرت نەچێت لە چوارچێوەی سیستەمدا بەڕێوەبەری خوێندنگە هەمیشە لە ڕووی دەسەڵاتەوە لەپێشترە، بەرپرسیارێتی زیاتری بەردەکەوێت.

Scanned by CamScanner

## لەگەڵ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

زۆرێک لە مامۆستاو سەرپەرشتیاران بە هەڵە لە پەیوەندی نێوان مامۆستاو سەرپەرشتیار گەیشتوون، ئەمەش دەرەنجامی هەڵە تێگەیشتنە لە یەکدی؛ لە باشترین پێناسەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی خزمەتێکی تەکنیکی لەسەر بنەمای پلانە زانستییەکان و بەرەو پێشخستنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دەکات، نەک گەڕان بەدوای کەموکورتی و خاڵە لاوازەکانی مامۆستایان و سەپاندنی بیروڕای خۆی، هەوڵبدە نزیکبە لە سەرپەرشتیارەکەت و سوود لە بۆچوونە زانستییەکانی وەربگرە، گرفتی هەندێک لە سەرپەرشتیاران ئەوەیە دەیانەوێت بیسەلمێنن مامۆستا کەموکورتی هەیەو پێویستیان بە سەرپەرشتیار هەیەو، کێشەی هەندێک مامۆستاش ئەوەیە دەیانەوێت بیسەلمێنن سەرپەرشتیار لەوان باشتر نیە، یان هیچ نازانن! ئەمانەش لەهەردوو بارەکەدا دەبنە هۆی پەکخستنی پرۆسەی فێرکردن و پێچەوانەکەیان دەچێتە خزمەتی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە.

Scanned by CamScanner

### ٣٢. ئەم پرسیارە مەکە!

هەندێک پرسیار هەیە هیچ سوودێکی نیە، وەلێ زۆرینەی مامۆستایان ئەو پرسیارە دەکەن و پشت بە وەڵامەکەی دەبەستن؛ پرسیارەکەش ئەوەیە «تێگەیشتن»؟ کاتێک ئەم پرسیارە دەکات وەڵامی زۆرینە «بەڵێ»یە، چونکە زۆرینەی ئەوانەی وەڵامدەدەنەوە، لە خوێندکارە باشەکانن، هەروەها ئەوانەی تێنەگەیشتبێتن شەرم دەکەن بڵێن «نەخێر»، ئەو وەڵامەش کە مامۆستا چاوەڕوانی دەکات بەڵێیە، ئەوانەش کە وەڵامەکەیان نەخێرە ناتوانن بیڵێن؛ چونکە وا دەردەکەوێت لە هاوڕێکانی کەمترە، هەربۆیە پێویستە مامۆستا خۆی بکاتە وەڵامی ئەم پرسیارە بەبێ ئەوەی بپرسێت و، ئەوەش بەپێی جێبەجێکردنی پێوەرە زانستییەکان و دەرخستنی ئاستی تێگەیشتنی خوێندکارە لە بابەتەکەو توانای ڕاستەقینەیان لەسەر بابەتەکە.

### ٣٣. پەنا بەخوا بگرەو دەستپێبکە...

ڕێگەی سەرکەوتن دوورمەودایەو بەیەکەم هەنگاو دەستپێدەکات.

ئەوەی کارێک دەستپێبکات و هەنگاوی یەکەم بنێت، ئەگەریش بچووک بێت، ئەوا پێی لەسەر ڕێگەیەو، هەوڵی سەرکەوتنیش چەندین جار لە چاوەڕوانی و بێبەرنامەیی باشترە.

Scanned by CamScanner

بەتەنها دەستگرتن بە بەهای بابەتی زانستی و گرنگیەکەی بەس نیە. بەڵکو مەعریفە و ڕێگەیەکی پەروەردەیی گونجاوی دەوێت بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ خوێندکار، چونکە ئەو دەزگایەک نیە بتەوێت بەرنامەیەکی لەسەر دابنێیت؛ بەڵکو ئەو مرۆڤەو گیان و هزرو ئەش و هەڵچوونی هەیە. لە ساتێکدا بە چەندین باری دەروونی و هەڵچوونی جۆراوجۆردا تێپەڕدەبێت. مامۆستاش لەگەڵ هەموو ئەم بارو لایەنە جیاوازانەدا ڕەفتاردەکات. هەربۆیە پێویستە پڕ زانیاری بێت بە ڕێگە پەروەردەیی و شێوازەکانی ڕەفتارکردن.

Scanned by CamScanner